# گرنگی شوێن لە شیعری نوێی کوردیدا - چەند دەقێك بە نموونە

پ.ی.د.شنۆ محەمەد مەحمود　　د.عەدنان عەبدولڕەحمان طه　　د.عەتا ڕەشید حسێن
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان

**پێشەکی:**

شوێنو شیعر پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، شیعری کوردیش لە هەموو قۆناغەکانیدا، بەشێوەی هەمە چەشنە، بەتایبەتی لە قۆناغی نوێدا شوێن ڕەنگی داوەتەوە تێیدا.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا لە گرنگی شوێن، لە شیعری نوێی کوردیدا، ئەکۆڵینەوە. بۆئەوەی نووسینەکەمان زانستییانە دەرچێت، نموونە لە شیعری حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەهێنینەوەو، دەقی هەریەکە لە شاعیرانی ئەو سەردەمە لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قادر محەمەد، محەمەد حەمە باقی، ڕەفیق سابیر هەڵدەبژێرین، ڕاستە ئەم کۆمەڵە شاعیرە لە یەك قۆناغدا سەریان هەڵداو کانیی شیعریان تەقییەوەو لەگەڵ ڕەوتی دواتری شیعری کوردیدا هاتن، بەڵام هەڵبژاردنەکەی ئێمە لە شیعری ساڵانی حەفتاکانیانەوەو لە سەرجەم کارو بەرهەمەکانیان دەرمانکردوون، کە دەزگاکانی ئێستە چاپیانکردوونەتەوە.

لەپێشدا لەسەر گرنگیی شوێنو پێناسەو هەندێك جۆری شوێن دەوەستین، بەتایبەتی ئەو جۆرانەی کە لەم نموونانەدا ڕەنگیانداوەتەوەو پێوەیانەوە دیارن، پاشان هەوڵدەدەین لەم ڕووەوە ئەو دەقانە شیبکەینەوە.

ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە لە سەرتاپای چەمكو هەموو جۆرەکانی شوێن بکۆڵینەوە، بەڵکو هەوڵدەدەین تەنها ئەو جۆرانەی شوێن باسبکەین کە ئەبن بە دەروازەیەكو کارئاسانیمان بۆدەکەن تا ڕۆشنایی بخەینە سەریانو بە ئاشکرا دەریدەخەن کە بەزۆرلەخۆکردن ئەو چەمکانەیان بەسەردا ناسەپێنین.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

**بەشی یەکەم:**

**زاراوەو چەمك‌و پێناسەی شوێن**

**چەمکی فەلسەفی‌و هونەری‌و شیعری شوێن**

شوێن لە ئەدەبدا، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی سەرەکی هەیەو لە ڕۆڵی زەمەن کەمتر نییە. پێکهاتەی تیۆریی ئەدەب هیچ کاتێك‌و لە هیچ سەردەمێکدا شوێنی فەرامۆش نەکردووە، بۆیە ڕەخنەگرانی ئەدەب‌و داڕێژەرانی تیۆری ئەدەبی پلەوپایەی گرنگیی شوێنیان بەرز ڕاگرتووەو لە دەسەڵاتی کۆڵیونەتەوە، بەڵام ئەوانیش کاتی باسکردنی شوێن پشتیان بە زانستی فەلسەفە بەستووە بۆ بیروبۆچوونی تیۆری خۆیان لەمەر شوێن‌و کاریگەریی لە ئەدەبدا.

شوێن بۆ خۆی پەیوەستە بە واقیع‌و ڕووداوی واقیعییەوە، بەڵام کە لە ئەدەبدا باسدەکرێت لە چوارچێوە واقیعییەکە دەردەچێت‌و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی خەیاڵەوە، ستراتیجییەتی ئەدەبی بەهێزدەکات‌و بەپێی دیدو هەست‌و دنیابینی ئەدیب هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت.

لە بواری فەلسەفیدا، پێناسەو بیروبۆچوونی زۆر بۆ شوێن کراوە ڕەنگە لێکۆڵەر نەتوانێت نەچێتە سەر فەلسەفەی یۆنانیی‌و بۆ ئەم مەبەستە پشت بە ئەفلاتون‌و ئەرستۆ نەبەستێت‌و لەوانەوە دەستپێنەکات.

لای ئەفلاتون شوێن بۆ خۆی بریتییە لە چۆڵاییەکی ڕەهاو بێ سنوور (عبدالرحمن بدوي، ١٩٨٤، ص١٦٩).

شوێن بۆ خۆی جیاو سەربەست نییەو لە شتەکان دوور نییە، بەڵکو لە شتەکان پێکدێت‌و پەیوەندییان لەگەڵدا دەبەستێت.

فەلسەفەی یۆنانی گفتوگۆی زۆری لەسەر ئەم چەمکە کردووە، ئەگەر ئەفلاتون پێی وابێت کە شوێن ڕەهایە، ئەوە ئەرستۆیش پێی وایە کە شوێن بووندارە، چونکە ئێمە تێیداین‌و وەگەڕیدەخەین‌و لە ڕێگەی جووڵەوە لێی تێدەگەین.

لای ئەرستۆ بایەخدان بە شوێن بۆخۆی نییەو بە تەنیا بە خۆی تەواو نابێت، بەڵکو بە پەیوەندییەوە دەبێت لە لەشێکەوە یان تەنێکەوە (بنەمای قورسایی لای ئەرستۆ بنەمایەکی سەرەکییە، واتای بوونی هێزێکی ڕاکێشەری شتە بەرەو سەنتەری زەوی، جەستەو تەنە پەیوەندیدارەکانیش بۆ ڕاکێشتن. خۆڵ‌و ئاون‌و لە بەرامبەر ئەمانەدا سەرەوە هەیە کە بۆ خۆی چەند تەنێکی تر ڕادەکێشێت ئەوانیش هەواو ئاگرن). (لونيس بن علي، ٢٠١٥، ص ٢١-٢٢).

نیوتن بۆ ئەوە دەچێت ناتوانین لە شوێن بگەین ئەگەر دوو توخم پەیدا نەبن، مادەو جووڵە، شوێن لە ڕێگەی چالاکییەکی دیاریکراوی فیزیاوییەوە پەیدا دەبێت.

(سەرجەم کارەکانی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی کات‌و شوێندا ڕوودەدەن، چونکە مرۆڤ لە دەرەوەی کات‌و شوێندا ناتوانێت بیانکات و نابێت) (د.خالد عبدالرؤوف الجبر، ٢٠٠٩، ص١٢١). لەبەرئەوەی هەموو شتەکان لە شوێندان، هەموو ئەوانەیش لە شوێندان لە بزاوتندان و لە جووڵەدان.

کات و شوێن تەواوکەری گەردونن کاریگەرییان بەسەر یەکتریەوە هەیە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

یوری لۆتمان دەڵێت: (شوێن کۆمەڵە شتێکی گونجاوە لە دیاردە، حاڵەت، ئەرك، یان شێوەیەکی گۆڕاو) (جماليات المكان، جماعة من الباحثين، ١٩٨٨، ص١٠٣)

شوێن لەناو دەقی ئەدەبیدا گۆڕانی بەسەردا دێت بەپێی پێویستی باری دەرونی نوسەر، کات و شوێن لە یەکتری جیاناکرێتەوە.

لە بواری زانستی مرۆڤایەتیدا، شوێن بە بابەتێك بۆ ئیدراك دانراوە، بۆیە کەسێکی وەك (جوزیە موراییس) باوەڕی بەوە هەیە بیروبۆچوونی دەرککردنی شوێن تەواو نییە، چونکە ئەو شتەی دەرکی پێدەکرێت شوێن نییە، بەڵکو ئەو ڕووداوانەن کە تێیدا ڕوودەدەن (لونيس بن علي، ٢٠١٥، ص٢٣). (نیوتن‌و لیبنتس) دوو بۆچوونی جوان‌و بەسوودو جیاوازیان هەیەو پەیوەندیی نزیکی بە لێکۆڵینەوەکەمانەوە هەیە، ئەویش دیدیدیانە لە بارەی ڕەهایی‌و ڕێژەیی شوێنەوە، نیوتن ڕای وایە شوێنی ڕەها چەسپاوەو ناجووڵێت، بەڵام شوێنی ڕێژەیی مەودایەکی بزوێنەری هەیە هەستەکانمان دیاریدەکەن، بە پێچەوانەیشەوە لیبنتس بۆ ئەوە دەچێت شوێن ڕەها نییەو بریتییە لە پەیوەندیی. (عبدالرحمن بدوي، ١٩٨٤، ص٤٦٣).

باسکردنی شوێن لە شیعردا وەك ئەوە نییە باسی شوێنێکی ڕوت بکەین، وەك ئەوەی لە فەرهەنگی زمان یا فەلسەفەدا دێت، چونکە شوێن لە شیعردا ئەکەوێتە ڕووبەرێکەوە زات (خود) و خەیاڵ‌و وەرگریش ڕۆڵی تێدا دەبینن. کاری هونەریی بە تواناو چالاکی مرۆڤ دادەنرێت، بۆیە (بریتیە لە بەکارهێنانی ئەندێشەو خەیاڵ بۆ گوزارشتکردنی بیرو بۆچوونەکەی) (مقداد حمه صالح، ٢٠١٣، ٣٩) لایەنی هونەری شوێن، چێژی شوێنەکەو ڕەهەندێکی جوانیناسی هەیە. زات لە ڕێگەی خەیاڵی شاعیرەوە ڕەنگی خۆیی بەسەردا دەڕێژێت و دەیخاتە تۆڕێك پەیوەندیی هونەری‌و زەمانەوانییەوە، وێناکردن‌و نواندن دەدرێنە پاڵی‌و لە فەرهەنگی واقیعی دووردەخرێتەوە، بەڵام لە هەموو کاتێکدا پەیوەندییەکی کزی لەگەڵ واقیعەکەدا دەمێنێت‌و ناتوانێت بەیەکجارەکی وازی لێبهێنێت (خەیاڵدان بۆی نالوێت شوێن پێکبهێنێت ئەگەر سوود لە سەرچاوەی دەرەکی نەبینێت، کە دەبێت بە یاریدەدەرێك بۆی بۆ دامەزراندنی مەودا واقیعییەکانی بابەتەکە، بابەتی ستاتیکی چەند بەهێزیش بێت و وردو شارەزایی داهێنەرانەی هەبێت ناتوانێت دەسبەرداری ببێت) (د.حبيب مونسي، ٢٠٠١، ص٤٠)

شاعیرو شوێن بەیەکەوە لکاون، و شوێن و شاعیرو زەمەنیش لەگەڵیاندا وەك سێکوچکەیەك وان کار لەیەکتر دەکەن.

لە شیعردا شوێنی سروشتی بۆ خۆی بە بێلایەنی نامێنێتەوە، چونکە زمان و خەیاڵ‌و خەون کاری لێدەکەن، بۆیە پەیوەندیی کەسانێکی ئاسایی لەگەڵ شوێندا جیایە لە پەیوەندیی کەسێکی شاعیر بەم شوێنەوە.

هەست و سۆزو ئەندێشەی شاعیر دەورێکی گرنگی هەیە لە بەرجەستەکردنی چەمکی هونەریی شوێندا، (وێنەی هونەریی شوێن بریتیە لە جوگرافیای یادو بیرو مێشك کە جیایە لە شوێنی سروشتی، لێرەدا خەیاڵ و هەڵبژاردنی تێدایەو هەربۆیە شوێنی هونەریی جیایە لە شوێنی سروشتی) (محمد علی کادار، ١٩٩١، ص١٢)

کە دێینە سەر باسکردنی شوێن لە شیعردا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پەیوەندیی هونەری و زەمانەوانی دەبینەوەو ناچاردەبین بچینە نێو دووانەی شوێن و شیعر یا پەیوەندیی هونەرییەوە.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

غالب هەلسا دەڵێت: (هەرکارێکی هونەریی ئەگەر شوێن فەرامۆش بکات و بە هەند وەرینەگرێت، بێگومان تایبەتمەندیو رەسەنایەتی خۆی لەدەستدەدات) (ماریا جەلال عەبدول محەمەد، ٢٠١٥، ل١٢) ئێمە ئاماژەمان بەوە دا کە ناتوانین بەیەکجارەکی شوێنی هونەریو شیعری لە شوێنی ڕاستیی نێو واقیع دابڕین، چونکە ئەگەر حوکمێکی وا بدەین خۆمان دەخەینە گرفتێکی زەقەوە، (شوێن لە بەرهەمی ئەدەبیدا پانتاییەکی فراوانی هزری کۆمەڵایەتی دروستدەکاتو رێچکەی کەسەکان دیاری دەکاتو جەخت لە رودانی رووداوەکان بە دوتوێی زەمەنێکی ناوەکیو زەمەنێکی هەستی دەرونی دەکاتەوە کە دەچێتە ژێر رکێفی ئەزمونێك لە بەرهەمی هونەریداو شوێن بەشێکە لەو بونیادی بەرهەمی هونەریە بە دەلیلی ئەوەی کە رەگەزێکی سەرەکیە لە رەگەزەکانی ئەزمونی ئەدەبیدا) (حیدر لازم مطلك، ١٩٨٧، ص١٧) ئێمە ناشێت شتێك لە وەهم دروستبکەین، ناکرێت بینایەك لەسەر هیچ بەرزبکەینەوە. شوێنی شیعریی یا هونەرییش دەبێت لەسەر سەرچاوەیەك هەڵچنرێت، ئەویش شوێنە راستەقینەکەیە، کە هەموومانی وەك تاكو کۆمەڵ تێداین. شوێنی نێو هونەر پڕ دەبێت لە خەیاڵ، هەریەکەیشمان خەیاڵی خۆمان هەیە، لەبەرئەوە هەریەکەو شوێنی خۆی دەبێت، بەتایبەت شوێنی شاعیر کە جیاوازتر دەبێت، چونکە خەیاڵی تیژو فراوانترە، شوێنەکەیش بەپێی ئەم خەیاڵە فرە دەبێت گۆشەنیگای زۆری بۆ دروستدەبێت.

لە شیعرو هونەردا شوێنی سروشتی جۆراوجۆرو فرە دەبێت (لە دیمەنی سروشتیدا گەورەو فراوانتر دەبێت، دەبێت بە حاڵەتێکی دەروونی لە ڕێگەیەوە مێژووی کەسێتی دێتەوە کە لەپشتی هۆشەوە ڕەگی داکوتاوەو لکاوە بەم شوێن یا ئەو شوێنەوە) (غاستون باشلار، ١٩٨٠، ص١٠٠)

کاریگەریی کۆمەڵایەتیو دەرونی دەبێتە بنەما بۆ پێکهاتەی شوێن لە شیعرداو لە ئەنجامی ئەمەدا دەکرێت بڵێین شوێنی شیعریو هونەری لە زماندا دروست دەبێت، لە شوێنی واقیعی دووردەکەوێتەوە، چونکە بە تاقیگەی خەیاڵدانددا تێدەپەڕێنرێت. بەم پێیە شوێن لە شیعردا تەنها هەر کۆمەڵێك پێوەری فیزیکیو جوغرافیی نییە، هەر تەنها کۆمەڵێك دیوارو بۆشاییو باغچەو بنمیچ نییە، بەڵکو لەم چوارچێوە هونەرییەدا دەلکێت بە هەستو نەستو زەینو خەیاڵی مرۆڤێکی هەست ناسکەوە (شوێنگەری جوانیی خۆی لە قەسیدەدا لە ڕێگەی کارلێکردنی چڕو ئاڵۆزی لەنێوان خۆیو فەلسەفەی سەردەمو دیدی مرۆڤدا بۆ گەردوون دەخولقێنێت ئەگەر بزانین کە شەحنەی ستاتیکیی وێنەی ئەمڕۆ پەسەند ناکرێت ئەگەر کۆمەڵێك مێژووی جۆراوجۆر هەڵنەگرێت: کە ئاشکراو شاراوەنو لە رێگەی کردەی خەیاڵدانی چالاکەوە بۆمان دێن) (یاسین النصیر، ١٩٨٦، ص٣٩٥)

شوێنی نێو شیعر ئەو شوێنە نییە کە لە واقیعدا هەیە، چونکە:

یەکەم لەنێو چوارچێوەی زماندایە،

دووەم دەکەوێتە نێو باوەشی خەیاڵەوەو خولقاوی فاکتەری ئەم دووانەیە.

لێرەوە ئەگەر شاعیر شوێن بخاتە چوارچێوەی وەسفەوە، بۆ ئەوەی نییە بیگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی سروشتو زەمینە واقیعییەکە، ئەگەر وابێت ئەوە ئەو دەقە کاریگەرییەکی وەهای نابێتو خەیاڵو هەستی خوێنەر ناوروژێنێت.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەوەی شوێنی هونەریی لە شوێنی واقیعی جیادەکاتەوە (لادان و ئاڵوگۆڕو لابردنی واقیعە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر شوێنەکە بەشێوەیەکی ترو واتاو دەلالەتێکی تر لە دەقدا دروست ببێتەوە) (مهدي عبيدي، ٢٠١١، ص٣٢)

ڕەخنەگران لەکاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ شوێنو شیعردا (شیعر بەتایبەتی و ئەدەب بەگشتی)، لەجیاتی تەنها شوێنێك، شوێنیان بە فراوانیی خۆیەوە کردووە بە چەند جۆرێکەوە، ئەمەیش بە ویستی خۆیانو بۆ مەیسەرکردنی کاری ڕەخنەیی خۆیان نەبووە، بەڵکو واقیعی ئەدەبو ڕەنگدانەوەی شوێن تێیدا ئەم هەمەجۆرییەی دروست کردووە، ئەمەیش بۆخۆی، ئەم هەمەچەشنەییە بۆتە فاکتەری دەوڵەمەندکردن و فرەکردنی ڕەهەندی پەیوەندیی نێوان ئەدەبو شوێن.

## جۆرەکانی شوێن:

١- شوێنی واقیعی:

ئەم شوێنە زۆرجار شاعیر بەرەو باوەشی واقیع و سروشت دەباتەوە، جا ئەگەر شاعیرەکە داهێنەرو بەتوانا نەبوو، ئەوە ڕەنگە بکەوێتە لاساییکردنەوەی ناهونەریی سروشتەوە، ئەوەندە لێی دوور نەکەوێتەوە، لەم کاتەیشدا دەقەکە دەبێت بە وێنەیەکی لاوازی واقیع. (شاكر النابلسي، ١٩٩٤، ص١٦)

٢- شوێنی گریمانکراو:

ئەو شوێنەیە کە خەیاڵی شاعیر دروستی دەکاتو دەیهێنێتە بوونەوە. ڕەخنەگری عێراقی یاسین نوسەیر بۆ ئەوە ئەچێت (ياسين النصير، ١٩٨٠، ص٣٠) زۆر لەو ئەدیبانەی کە گەنجو ئەزموونی ژیانیان ئەوەندە نییە، لە واقیع دووردەکەونەوەو پەنا بۆ ئەم جۆرە شوێنە دەبەن. ئەو ڕەخنەگرە لەلایەکەوە هۆکارەکە بۆ کەم تەمەنیو کەم ئەزموونیو کەوتنە ژێر کاریگەریی خوێندنەوەی ڕۆژئاوا دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمە تەنها هۆ نییە، چونکە ڕەنگە چەندین ئەدیبی بە ئەزموونو بەتەمەنیش هەبن لە دەقەکانیاندا پەنا بۆ دامەزراندنی شوێنی گریمانکراو ببەن.

٣- شوێنی تاك مەودایی:

(ئەو شوێنەیە تەنها خاوەنی مەودای پلاستیکیی دیاریکراوە، و تاکە بەهاو نرخێك دەبەخشێت) (ياسين النصير، ١٩٨٦، ص٣٩٣)

٤- شوێنی کراوە:

ئەو شوێنانەن کە بە ئارەزوو و ئازادی پێیدا دێن و دەچن. وەك شەقام، دارستان، باغچە. (فتحية كحلوش، ٢٠٠٨، ص٤٠)

٥- شوێنی داخراو:

وەك ماڵ و زیندان، بەڵام ماڵ پڕە لە ئارامی، و زیندانیش پڕە لە بێئارامی، و هەردووکیشیان شوێنی داخراون. (نفس المصدر، ص٤٠)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٦- دژە شوێن:

ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ ناچار دەکرێت تێیدا بژی. (د.شجاع مسلم العاني، ١٩٨٧، ص٢٥٩)

٧- شوێنی هۆگرو ئاشنا:

ئەو شوێنەیە کە وەك سندوقێك، یادگارو هەستو خەیاڵی مرۆڤ و شاعیری تێدا دەپارێزرێت و تا کۆتایی تەمەنیش کاریگەریی بەسەر ئەو کەسانەوە دەبێت کە تێیدا ژیاون. (نفس المصدر، ص٤٨)

## بەشی دووەم:

## گرنگی شوێن لە شیعری نوێی کوردیدا

## چەند دەقێك بە نموونە

ئێمە بەپێی ئەو ناونیشانەی کە هێڵەکانی ناوەوەی باسەکەمان دیاریدەکات هەوڵدەدەین چەند نموونەیەك لە شیعری شاعیرانی نوێمان هەڵبژێرینو لە ڕووی شوێنو چەشنی جۆراوجۆری شوێنەوە لێیان بکۆڵینەوە، تا بتوانین کاریگەریی ئەم چەمکەیان تێدا دەستنیشانبکەین. بۆ ئەم مەبەستە نموونە لە شیعری شاعیرانی دەیەی هەفتای سەدەی ڕابردوو دەهێنینەوە، بەتایبەتی لە شیعری شاعیران: لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قادر محەمەد، ڕەفیق سابیر، محەمەد حەمەباقی.

شوێنو دەسەڵاتی شوێن پانتاییەکی زۆری لە شیعری ئەم کۆمەڵە داهێنەرانەماندا داگیرکردووەو مەودای کۆمەڵایەتیو دەروونیو فیکریو سیاسییان لە دووتوێی خۆیاندا هەڵگرتووە.

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (چۆلەکەی شیعر)دا دەڵێت:

(کە بەفری زستان
لوتکەی کوێستانان
دەکاتە وڵات
چۆلەکەی شیعرێك
لەناو دڵما خۆی حەشار دەدات
بۆچی دەگەڕێی لەناو دڵمدا
تۆ ئەی چۆلەکەی دەنووك پڕ هەنگوین
بۆ ناچی بۆ خۆت بەرەڵا نابی لە ئاسمان و هەرد
نافڕی بۆ سەر ترۆپکی بەفرین
بۆ سەر دەوەنی پەنای تاشەبەرد
ڕووباری شیرین..؟
بۆ هەر کوێ بڕۆم دەمدەنە بەر بەر
لێم گەڕێ بۆ خۆم لە دڵی تۆدا
خۆم بدەمە بەر هەتاوی ئەوین)     (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل٨٧)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

ئەم شیعرە لە ڕووی پێکهاتەی هونەرییەوە بریتییە لە گفتوگۆیەکی نێوان شاعیرو چۆلەکەیەك، بەڵام چۆلەکەیەکی شیعری. لە پرسیارو وەڵامێك دروستدەبێت، شاعیر سەری سووڕماوە بۆچی ئەم چۆلەکەیە دڵی ئەم چۆڵ ناکاتو ناچێت بەو ئاسمانو دەشتودەرەدا بەرەڵابێتو سەربەستیی خۆی وەربگرێت، وەڵامی چۆلەکەکە ترسە لە دەرەوە، بۆیە ناوەوە، واتە دڵی شاعیر هەڵدەبژێرێت.

ئەگەر سەیر بکەین و ئەو وشانە بژمێرین کە فەرهەنگی دەقەکەیان پێکهێناوە، ئەوە ئەبینین هەموویان وشەگەلێکن پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە شوێنەوە هەیە:

بەفر: خراوەتە سەر زستان، یەکەمیان وشەیەکە لەناو شوێندایە، جۆری شوێنیش دیاریدەکات (کوێستان) زستانیش بۆ خۆی ئاماژەیە بۆ زەمەن.

لوتکە: شوێنە.

کوێستان: شوێنە.

ناو دڵ: شوێنێکی گریمانکراوە، راستە واقیعی نییە، بەڵام ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە شوێنەوە هەیە.

وڵات: شوێنی ڕاستەوخۆیە.

حەشار دەدات: حەشاردان، بۆ خۆیان کردارو چاوگن، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەمانبەنەوە سەر شوێن، چونکە لە بنەڕەتدا، ئەگەر شوێن نەبێت ئەوە خۆشاردنەوەو حەشاردانیش نابێت.

ئاسمان و هەرد: دوو وشەی سەر بە شوێنن.

ترۆپکی بەفرین: ترۆپکیش بەشێکە لە شوێن و پەیوەستە بە بەرزاییەوە.

بەرەڵا نابی، نافڕی: دوو کردارن ئاماژەن بۆ شوێن، بەتایبەت شوێنی کراوەو ڕەهاو سەربەست، بەرەڵابوون و فڕین هەمیشە لە شوێنی کراوەداو بەرەو شوێنی کراوە ئەنجامدەدرێن.

دەوەن

تاشەبەرد

ڕووبار

هەتاوی ئەوین

ئەمانە هەموو پێکهاتەو وشەی ناو سروشتن.

(بۆ هەر کوێ بڕۆم دەمدەنە بەر بەرد)

هەر کوێ: دەلالەتە بۆ شوێنی کراوەو ڕەها.

بەرد: وشەیەکی واقیعیی ئاشکرایە، بەپێی ئەو ئامارو ئەژمارەی بۆ فەرهەنگی شیعرەکە کردمان بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لە بنەڕەتدا شیعرەکە لەسەر بنەمای شوێن بەرزبووەتەوە. نەك تەنها ناوەکانی، بەڵکو کردارەکانیشی ڕاستەوخۆ ئەمانبەنە سەر شوێن.

دڵ لەم دەقەدا هەر تەنها پارچەیەك گۆشت یا ئەندامێك نییە لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، بەڵکو ناوچەیەکی دیاریکراوە لا و قوڵایی و ئەملاو ئەولاو بەرزی و نزمی هەیە، چۆلەکەی شیعریش شتێکی ئیستیعارییە تێیدا، چونکە لێرەدا چۆلەکە بۆ دڵ خوازراوەو دڵیش بووە بە خاوەنی چۆلەکە. ئەمە بۆ ئەوەی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**دانیشتووی ناو دڵەکە یا بڵێین ناو شوێنەکە باڵندەیەك بێت، هەرچەندە دڵ لێرەدا شتێکی واقیعییە کەچی بووە بە شوێن، بۆئەوەی چۆڵەکەی شیعری تێدا نیشتەجێ بێت، شوێنەکە شوێنێکی گریمانکراوە (مکان مفترض) و زادەی خەیاڵی شاعیرە، لە واقیعدا بوونی نییە، تەنها لە زمانو نووسینو خەیاڵی شاعیردا هەیە.**

**لە روویەکی ترەوە جەدەلییەتێك لەنێوان شوێنی دەرەوەو شوێنی ناوەوەدا، یان شوێنی داخراوو شوێنی کراوەدا هاتووەتە دی، شوێنە داخراوە بچکۆلەکە پڕە لە هێمنیو خۆشیو سۆزو گەرمی، بۆیە چۆلەکەی شیعرەکە حەز دەکات دەرنەچێت و تێیدا بمێنێتەوە، بەپێچەوانەوە شوێنە کراوە فراوانەکەیش کە ئاسمانو دەشتو دەرە بووە بە شوێنێکی داخراوو پڕ لە مەترسی کە جێگەی چۆلەکەیەکی تێدا نابێتەوە. بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین شاعیر رۆڵو دەلالەتو خەسڵەتەکانی هەردووکیانی گۆڕیوەو ستاتیکای زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە.**

**ڕوانین**

**لە پەنجەرەی چاو خەواڵووی – ژوورمەوە**

**وەك باڵندەی بەر هێلانەی حەپەساو!**

**سەرنج ئەدەم لە (ئاسۆس)ی**

**برۆو برژانگ، ڕدێن سپی**

**ناوشان پانی، مل باریکی.. هەڵکشاو!**

★ ★ ★

**لەسەر کاوان ((بای))ی بزێ و پەلەکەر**

**هەللاجێکی شێتۆکەیە و تووڕەیە**

**شیکردنەوەی لۆکەی بەفری لەو.. کەلە**

**دەنگی چەکەی ناوبەناوی**

**((درنگ. درنگ. دم. دم. دم))**

**بۆ بەرەو خوار وەك بخلیسکێ**

**بە چرکەیەك ئەگاتە گوێم لێرەیە**

★ ★ ★

**پەڵە هەوریش، کوڵنجەی بەر**

**دارستانی کاکۆڵ و قژ ئاڵۆزکاو**

**هێشتا تەڕەو لێی ئەتکێ**

**دڵۆپی ساردی بەفراو**

★ ★ ★

**لە گوێ چەمیش، لەشی درەخت**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بێ کراسن، ڕووت و قووت

لە سەرەوە بە ئەڵقاو ئەڵق ڕاوەستاون

سەیریان ئەکەن شاخی هاوسێی کلاوقووچ

لەسەرماندا گۆپکەی لێویان

گۆ ناکات و ئەلەرزن

تۆزێکی تر ئەم نسێ یە

هەر کە گزنگ گرێی زوقمی

دەست و پل و قاچ و قوولی کردنەوە

ئیتر ئەوسا..

یەکەیەکە بۆ بەر هەتاو ڕیز ئەگرن

★　★　★

پێشمەرگەیەك، هەگبە بەکۆڵ، ڕیش هاتوو

تیسکەی تفەنگ، سمۆرەیە، ڕەوتی گورج

بە باریکە ڕێگەی گردا شانەوشان

بە پاژنەی پێ بەفری شەوێ خرچەخرچ

ئەشکێنێت و ئەچێتەوە بۆ سیروان

ئەی پێشمەرگە! ئەی هاوڕێی برسێتی!

لەپێش مندا ((گۆران)) وتی: تەبیعەت

هەرگیز هەرگیز بێ ڕووناکیی ئەنوێنێ

ئەگەر ئازیز زەردەخەنەی شیرینی

وەکو گوڵاو بەسەردا نەپرژێنێ

منیش ئەڵێم ئەی پێشمەرگە!

ئەی هاوڕێی هەژاریی

کوردستانم، قەڵەمەکەم، یارەکەم

نە بەختیار، نە سەربەرزن، نە جوانن

بێ چەکی تۆ... ئەی هاوڕێی ئازادیی!

(دیوانی شێرکۆ بێکەس، ١٩٨٥، بەرگی دووەم، ل٣٢٥)

شیعری (ڕوانین)ی شێرکۆ بێکەس لە پێنج دیمەن پێکهاتووە، هەموویان لەناوجەرگەی سروشتانو سەر بە سیستمی شوێنن.

قسەکەری ناو دەقەکە کە شاعیر خۆیەتی بە مۆنتاج کۆیاندەکاتەوە، ئەو بە وشەی ڕوانین کە ناونیشانی شیعرەکەیە، بە کامیرای چاو ڕێکیان دەخات، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەیری شاخێك دەکات، پاشان لە بڕگەی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

دووەمدا سەیری شاخێکی تر دەکات وەك ئەوەی پێشوو غەرقی بەفر، پاشان هەوری بەفراوی، دیمەنێکی تریش، لەشی درەخت لە گوێ چەمێکدا ڕووتو قووتە، لەسەرمانا هەڵدەلەرزێت، هێواش هێواش لەبەرهەتاودا ڕیز بۆ تامی هەتاو دەگرن.

تا ئێرە کۆمەڵە دیمەنەکە سروشتین، چەند وشەیەکن‌و لەناوجەرگەی شوێندان. دیمەنی دواتر لە شێوەو جۆری ڕەگەزو وشەدا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، چونکە ئەمجارەیان وشەیەکی تر دێت جیاواز لەوانی پێشوو، نە شاخە، نە گردە، نە کەنارە، نە ڕەشەبا، بەڵکو مەخلوقێکی جیاوازە، وەك ئەمان بێگیانی نێو سروشت نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی گیاندارو عاقڵە، مرۆڤێکی پێشمەرگەیەو لەنێو ئەو سروشتو وشانەدا پەیامێکی هەیە.

لە ڕووی پێکهاتەی هونەرییەوە شاعیر دەقئاوێزانێکی دروستکردووە، ئەویش بە هێنانەوەی چەند دێڕێك لە شیعری گۆرانی شاعیر کە پەیوەندییان بە سروشتەوە هەیە، واتە بە گوتارە سروشتییەکەی دەقەکە نامۆ نین، جوانیی لەو چەند دێڕەدا لای گۆران، مەبەستی جوانیی سروشتە کە لە جوانیی بەتاڵە ئەگەر بزەی ئازیز نەبێت، شێرکۆ بێکەس لەم دەقئاوێزانەدا لە دەقەکەی گۆران لایداوە، بەوەی کە سروشت، کوردستان وەك شوێن، هەموو ئەمانە بێ چەکی پێشمەرگە، سەربەرز نین بەختیار نین، بەتاڵن لە جوانی.

دیارە لای هەمووان ئاشکرایە چەك لە خەباتو تێکۆشانو سەردەمی بەرەنگاریدا ڕەمز بووە بۆ نیشتمان، ڕەمزێك ئەوەندە بەکارهێنراوە کە بووەتە شتێکی زەق و باو.

لەم شیعرەدا، شێرکۆ بێکەس سروشتی وەك شوێن، تێکەڵاوی مرۆڤ کردووە ئەویش بە کردنی شوێنەکە بە چوارچێوەیەك و دانانی مرۆڤی تێکۆشەر تێیدا، بە مانایەکی تر، شوێنی بێگیانی تێکەڵ بە گیانداری عاقڵ کردووە. سوود لە شیعری گۆران بەرانبەر سروشت بینیوە، چۆن لای گۆران سروشت بێ بزەی ئازیز بێ بەهایە، لای ئەمیش سروشت بێ مرۆڤی تێکۆشەر بێ بەهایە، لە جوانی بەتاڵ دەبێتەوە.

شێرکۆ لە ڕێگەی شوێن و بەکارهێنانی شوێنەوە، وەك چوارچێوەو وشەی نێو دەقەکەی، دەمانباتەوە بۆ ئەو مۆتیڤە تایبەتییەی کە لە سەرەتای ژیانییەوە کاری پێ کردووە، ئەویش گوتاری مانەوەو بەرەنگاربوونەوەیە، نیشتیمان و نەتەوەو خەباتە. وەك چۆن هەموو شتێکی کە پەنای بۆ بردوون‌و هەڵیبژاردوون لەپێناوی ئەم دیدەدا بوون، ئاوەها پەنابردنیشی بۆ شوێن‌و سروشتو ڕەگەزو موفرەداتی شوێن بۆ خزمەتکردنی بابەتو گوتاری مانەوەو بەرەنگاربوونەوەیە.

لەسەر ئاستی هونەری بۆمان دەرکەوت چۆنچۆنی لەم دەقەدا شوێن‌و میکانیزمی شوێنی بەکارهێناوە، واتە وەك وشەو ڕستەو وێنەو بڕگە چی لە شوێن کردووەو وەك دال چ پەیوەندییەکی لێ دروست کردوون، بەڵام ماوەتەوە بپرسین وەك ماناو بەرهەمهێنانی مانا بە ئاقاری چ دەلالەتێکدا بردووینی؟

لەپێشەوە ئاماژەمان بەوەدا لای شێرکۆ هونەری شیعر لە خزمەتکردنی بابەتی نیشتمان‌و مانەوەو گوتاری بەرەنگاربوونەوەدایە. زەمەن‌و وێنەو دیدو شوێن بۆ ئەم مەبەستە دەخرێنەگەڕ. لێرەیشدا بەئاشکرا ئەم ئاراستەیە دیارە. هەر بۆ نموونە ڕێکخستنی دیمەنەکان‌و کەڵەکەکردنیان لەسەر ئاستی شوێن‌و سروشت (شاخ + شاخ + کەنار) + تا دەگاتە دیمەنی کۆتایی کە دەکاتە مرۆڤی کۆڵنەدەر (پێشمەرگە). هەموو جووڵەیەکی وشە سروشتییەکان کە هەڵگری ماناو دەلالەتی شوێنن دەچنە خزمەتکردنی مرۆڤەکەوە، مرۆڤەکەیش بۆ پاراستنی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جوانیی و تۆکمەیی شوێنەکە کاردەکات، کە سروشتە، پاشان وەك یەکەیەکی گشتی نیشتمانە (وەك شوێنی گەورەو بەرزو بالاّ).

لەم شیعرەی شێرکۆدا شوێن ڕەگەزێکی بێ لایەن نییە، بەڵکو فاکتەرێکە بۆ کۆکردنەوەو چالاککردنی خەون‌و خەباتو مێژوو و تێکۆشانی مرۆڤ و میللەتو لەپێناوی ئەم بیرو دیدو بیرکردنەوەیشدا کاری پێ کراوە.

## شار وەك شوێن
## لە (( چراوگ ))ی ئەنوەر قادر محەمەددا

چراوگ

شەوی ((سابلاّخ)) بە نسێیە

خوێنی (قازی) چراوگێکە،

نیشاندەری ڕاستەڕێیە..

تێبینی: (دێڕی یەکەم فۆلکلۆرە)	(دیوانی زایەڵە، ل٣٨)

شار وەك شوێن و بنیاتێکی مادی کۆمەڵێك ڕەگەزو وشە لەخۆدەگرێت، شەقام، شۆستە، بازاڕ، فولکە،...هتد.

هەریەکە لەمانە هەڵگری خەیاڵو دیدو مەبەستی شاعیرن لە شیعردا. شاری کورد لەگەڵ جیاوازیی زۆری بەبەراورد لەگەڵ شاری ڕۆژئاوادا، لە ڕووی مێژوویی‌و مادی‌و شارستانییەوە، ئەوەندە جیاوازیی وەهای لەگەڵ دێهاتە گەورەکانیدا نەبووە، مەبەستمان زیاتر سەرەتای دروستبوونێتی، تا ئەو کاتەی وردە وردە پەرەیسەندووە.

پەیوەندییەکی ئاشکرا لەنێوان شاعیری کوردو شاردا هەیە وەك شوێن، بەڵام ئەوەندە بەلای ڕووە قورسەکەی شاردا نەچووە، وەك کاریگەریی لە بەرهەمهێنانی نامۆبوون و هەستکردن بە بچوکبوونەوە، بەڵکو شار زیاتر مەودایەکی سیاسی یا مێژوویی وەرگرتووەو شاعیر کردوویەتی بە ڕەمز بۆ قۆناغێکی سیاسی یا نشست و سەرکەوتنێکی نەتەوەیی.

پێکهاتەی ئەم شیعرەی ئەنوەر قادر محەمەد بەشێوەیەکی تەوسیفییەو لەسەر بنەمای سێ وێنە بەرزبووەتەوە، کە جۆرێك لێکچوونی لەخۆگرتووە:

(شەوی سابلاّخ بە نسێیە)

تێکەڵکردنی زەمەن (شەو) و (سابلاّخ) کە شوێنێکی بەناوبانگ و مێژوویی کوردستانە، لەسەر ئاستی تەرتیبو ڕێکخستنی زمانەوانی، وەسفێك بەدوای ئەو شوێنکاتەدا هاتووە (شەو+سابلاّخ)، وەسفەکە کە لە کۆتایی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)	p-ISSN (2410-1036)

رسته‌كه‌دا هاتووه‌ هه‌واڵی زیاترمان له‌باره‌ی ئه‌و شوێنكاته‌وه‌ پێ ده‌به‌خشێت. شوێنه‌كه‌ كه‌ گشتیو فراوانه‌ له‌ رسته‌ی یه‌كه‌مدا جێگیر بووه‌، ئیتر لێره‌وه‌ شاعیر ئاماده‌ماندەكات بۆئه‌وه‌ی له‌ ڕسته‌ی دووه‌مدا بكه‌وینه‌ ته‌ئویلكارییه‌وه‌، چونكه‌ له‌وه‌ ده‌رماندەكات كه‌ سابڵاخ یا مهاباد هه‌ر وه‌ك پارچه‌یه‌كی جوگرافی گشتی وه‌ربگرین كه‌ هه‌مووان دوورو نزیك زانیاریمان له‌باره‌یه‌وه‌ هه‌یه‌.

شاعیر ده‌یه‌وێت له‌ جوگرافیاوه‌ به‌ره‌و مێژوومان ببات به‌تایبه‌ت كه‌ به‌ تاكه‌ وێنه‌یه‌ك مێژوویه‌كی گه‌وره‌مان بۆ ده‌نوێنێت.

(خوێنی قازی چراوگێكه‌)

دیسانه‌وه‌ به‌ ڕسته‌یه‌كی وه‌سفیو به‌ لێكچواندن وێنه‌یه‌كمان ده‌خاته‌ به‌رچاو كه‌ هه‌ڵگری خه‌باتو تێكۆشانو ئازایه‌تیو به‌خششی پاڵه‌وانێكی میلله‌ته‌كه‌مانه‌ كه‌ كۆمارێكی دامه‌زراندو خه‌ونی هه‌زار ساڵه‌ی میلله‌تی هێنایه‌ دی.

(نیشانده‌ری راسته‌ڕێیه‌)

له‌ په‌ره‌سه‌ندنو نه‌شونماكردنی لایه‌نی مادی شیعره‌كه‌دا خوێن ده‌بێت به‌ رێنیشانده‌ر، به‌ باوه‌ڕو په‌یام. واته‌ بنه‌مایه‌كی مادی جوگرافی كه‌ سابڵاخه‌، و شوێنێكی گشتییه‌، بووه‌ به‌ باوه‌ڕو مێژوو و تێكۆشان.

ئه‌نوه‌ر قادر محه‌مه‌د له‌م ده‌قه‌دا شوێنی كردووه‌ به‌ ره‌مزی شۆڕشگێڕانه‌، مه‌ودایه‌كی مێژوویی پێ به‌خشیوه‌، له‌چوارچێوه‌ مادییه‌ شوێنباوه‌كه‌وه‌ خستوویه‌تییه‌ چوارچێوه‌یه‌كی مێژوویی فراوانه‌وه‌.

## خه‌ڵوه‌ته‌ شوێن

شیعری (گورگ)ی محه‌مه‌د حه‌مه‌باقی له‌ شازده‌ بڕگه‌ پێكهاتووه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه‌ بڕگه‌كان پێكه‌وه‌ هێڵێكی گشتی له‌ چوارچێوه‌یه‌كدا كۆیانده‌كاته‌وه‌، به‌ڵام هه‌ریه‌كه‌یشیان ده‌كرێت بونیادێكی تاڕاده‌یه‌ك سه‌ربه‌ستیان هه‌بێتو لێكۆڵه‌ر بتوانێت له‌سه‌ر هه‌ریه‌كه‌یان بدوێت.

شوێن له‌م شیعره‌دا به‌چه‌ند جۆرێك و چه‌ند مه‌ودایه‌كه‌وه‌ خۆی ده‌نوێنێت، به‌ڵام ئێمه‌ مه‌به‌ستمانه‌ لێره‌دا له‌سه‌ر بڕگه‌ی شه‌شه‌م بوه‌ستین، كه‌ تێیدا جۆرێك شوێن به‌كاربراوه‌ ئه‌توانین پێی بڵێین، خه‌ڵوه‌ته‌ شوێن (المكان الصومعة)، كه‌ بۆخۆی مه‌ودایه‌كی ئایینیی هه‌یه‌:

له‌ژێر داره‌به‌نێكی په‌ل و پۆ هه‌ڵقرچاوا،
چاومان كه‌وت به‌ — مه‌وله‌وی — ،
ده‌روێش ده‌وریان لێدابوو..
پێیان ئه‌وت: خاڵۆ گیان، ده‌، سۆزێكمان بۆ بكه‌،
با تروسكه‌یه‌كی خوا
به‌ رۆحمانا رابورێ،


كۆنفرانسی ( كاریگه‌ری زمان و ئه‌ده‌ب له‌سه‌ر بنیادی هزری و درێژه‌پێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەویش کە، سەیری هەردەی
- شیروانە — و — بەمۆی — ئەکرد
بەبێ عەنبەر خاتوون —
خوڕ، خوڕ بەتاو ئەگریاو، سەیری — سیروان — ی ئەکرد،
لە ئاوێنەی شەپۆلی بەرهەتاوی سیروانا،
- عەنبەر خاتوون — ی ئەدی...
دەنگی هەڵئەبڕی... ئەیوت:
"چاوم، کە وڵاتی تۆیە، هەمیشە چاو لەڕێتە،
غەریبی بەسە، ئیتر، وەرەوە ناوچاوانم"

(گوڵەکانی دۆزەخ، محەمەد حەمەباقی، ل١٠)

ئەو وشەو وێنانەی کە راستەوخۆ لەم برگەیەدا دەمانبەنە سەر شوێن ئەمانەن:

دارەبەن کە بە خاكو شاخەوە پەیوەستە، لەناو کوردەواریدا، هەم سەرچاوەی بژێویی ژیانەو رزقو مەعیشەتی هەژاران دابیندەکات، جگە لەمە لە کۆنەستی کۆمەڵگای کوردیدا پیرۆزەو هێمایە بۆ پاکیو پاکبوونەوەو هێوربوونەوەی دەروون.

یەکێکی تر لە وشەکانی سەر بە شوێن لەم دەقەدا هەردەیە، کە شوێنێکی ئێجگار کراوەیە، هەروەها (شێروانە، بەمۆ، سیروان) کە شوێنی ئاشکراو ناسراوو خۆشەویستن لای کورد.

قسەکەری نێو برگەکە، یا گێڕەرەوەکە باسی شوێنێکی پیرۆز دەکات، واتە خەڵوەتگەیەك کە تێیدا دەروێش دەوری مەولەوییان داوە، وەك لە زیکرێکی ئیلاهیدا بێت، باسی عیشقی پاكو بێگەردی خۆی دەکات.

دەروێش، خەڵوەتگە، سووتان، ئەمانە هەموو سیمبولی ئایینین، لەناو ئاینیشدا، جۆرێك سونبولی سۆفییانەن، واتە شوێنەکە لێرەدا هەڵگری مەودای ئایینییە. فەزای خەڵوەتگە چەند بچووكو دابڕاو بێت، بەڵام لەسەر ئاستە ڕۆحییەکە دەبێت بە شوێنو فەزایەکی کراوەو فراوان.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ژێر دارەبەن کە وەك خەڵوەتگەی مەولەوی لێهاتووەو لە بنەڕەتدا بچووكو دوورە، بەهۆی ئەرکە سۆفییەکەوە لە شوێنە گەورەکان فراوانتر دەبێتو بەسەریاندا دەڕوانێت.

## لە شوێنی داخراوەوە بۆ شوێنی کراوە

### شیعری ( سوارەی مەریوان )ی ڕەفیق سابیر

شیعری نوێی کوردی لە کۆدو دەلالەتو ناوەڕۆکی مێژوویی و نەتەوەییو کاریگەریی حیکایەتی نەتەوەییو داستانو تۆماری نەتەوەییەوە دوور نییە، ئەمە نەك تەنها بۆ قسەکردن لەبارەی شیعری کوردییەوە ڕاست دەردەچێت، بەڵکو تەواو سەبارەت بە ئەدەبی میللەتە بەشخوراوەکانیش ڕاستە. شوێن لە ئەدەبی فەلەستینی یا جەزائیری یا... دەلالاتو کۆدی بەشێوەو خەسڵەتی تایبەتیی خۆی تێدایە (ئەو شوێنانەی کە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بونیادی سیمۆلۆجی گشتیی فەزایان لێ پێکدێت بە دەلالەتی کۆمەڵایەتیو مێژوویی‌و ئابووری‌و ئیدیۆلۆجی‌و میسیۆلۆجی دەوڵەمەندن‌و زمانی نووسینیش سەرچاوەی یەکەمەو بگرە گرنگترین سەرچاوەیە بۆ ئەم دەوڵەمەندییە دەلالییە).

بۆ پێکهاتەی شوێن‌و گرنگیی لە سیستمی نووسین‌و زماندا خەیاڵ دەورێکی باڵا دەبینێت تاکو سەرچاوەی دەرەکی بەسەر دەقەکەدا زاڵ نەبێت.

پانتایی گشتیی ئەم دەقەی رەفیق سابیر هەرێمێکە، واتە شوێنێکی گەورەیە، لەناو شوێنەکەدا گۆڕستان وەك شوێنێکی زەق‌و زاڵ دەرکەوتووە، شاعیر ئەم شوێنە گەورەیەی بە بەردێك چواندووە وەستاوە، بێجووڵەیە. ئەمەیە شوێنی گشتیی شیعرەکە، بەڵام هەم کراوەیشەو هەم داخراویشە، کراوەیە، چونکە لە چوارچێوەی فەزایەکی کراوەدایە، داخراویشە، چونکە پڕە لە شوێنی وەستاوو خامۆش، وەك (گۆڕستان، بەردی خنکاو، جەنگەڵ، تەمومژ). دیارە گێڕەرەوەی ناو دەقەکە لە ژوورێکدایە لە شوێنێکی داخراودایە:

پەنجەرەیەك دەکەمەوە

بەسەر شەوێکدا دەڕوانێت

کانیی مەترسی و تاوانە (ل٢٥١)

ئەوەی شوێنەکە دەکات بە دوو کەرتەوە، پەنجەرەکەیە کە شاعیر دەیکاتەوە، ئیتر دوو دیوەکە بە روونی دەردەکەون. پەنجەرە رەمزە بۆ روئیاو دیدو نیگاو کرانەوە. لە پەنجەرەکردنەوەی نێو دەقەکەوە وەك وەرگر دەبرێینە نێو رابردوو و خوێندنەوەی بەشێك لە داستانی سەرکەوتن‌و مێژووی خۆمانەوە، ئەویش لە رێگەی باسکردنی سوارەی مەریوان کە پڕە لە کۆدی هەستانەوەو سەرکەوتن‌و ئازایەتی‌و ڕاونانی تاریکی:

پەنجەرەیەك دەکەمەوە

ئەوە کێیە؟

پۆلە تیشکێکی جێماوە،

یان سوارەکەی مەریوانە

ئەم شەوەی بە پێش خۆی داوە

بە کۆڵانی ترسا دەڕواو

تاریکایی دەشڵەقێنێت.

لەنێو گۆڕستانەکەدا

چراکان دادەگیرسێنێت (ڕازو گومان، ڕەفیق سابیر، ل٢٥٢)

کردنەوەی پەنجەرەکە دیدی ئێستای گێڕەرەوەی شیعرەکەیە بەرەو رابردوو، کە لایەنە جوانەکانی مێژوومانی تێدا دەبینێت تا لەم هەرێمەی ئێستادا کە شوێنێکی خامۆش‌و وەستاوەو پڕە لە گۆڕو شوێنی داخراو چرایەك دابگیرسێنێت.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەم دەقەی رەفیق سابیردا جۆرێك گواستنەوە لە شوێنی داخراوەوە بۆ شوێنی كراوە هەیە، لەنێوانیاندا شاعیر جوولەیەك دروستدەكات بۆ ئاواكردنی شوێنە داخراوەكان (گۆڕستان، بەردی خنكاو) كە هێمان بۆ دەنگی خامۆش و ئێستای وەستاوی ژیانی كۆمەڵ.

دەقی (سوارەی مەریوان) بەكاربردنی زیرەكانەی شوێنە بۆ خوێندنەوەی ئێستای بێ جوولەو لایەنێكی رابردووی پرشنگدارمان.

## ئە نجام

لە كۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی كە:

١- شوێن گرنگیی و قورسایی خۆی لە هونەری شیعردا هەیە. گرنگیی لە گرنگیی فاكتەرە پێكهێنەرەكانی تر كەمتر نییە.

٢- شیعری كوردی وەك شیعری میللەتانی جیهان لە شوێن بێبەش نییە، بگرە شوێنێكە زیاتر گونجاوە بۆ ئەوەی ببێت بە رێگایەك بۆ فراوانكردن و كردنەوەی خەیاڵی شاعیر، بەتایبەتی لایەنە تراجیدییەكەی كە پەیوەستە بە ژیانی كوردو مێژووی نشستو هەستانەوەی.

٣- شوێن لە شیعری كوردیدا فرە چەشنو مەودایە، بەلام چاكترە لێكۆڵەر بەزۆرو ئۆتۆماتیكییانە نەیانسەپێنێت بەسەر دەقی كوردیدا، بەڵكو پێویستە دەقەكە خۆی لە بنەڕەتدا ئامادەیی تێدا بێتو گونجاوبێت لەگەڵ سروشتی شوێنو پێكهاتەی ئەم شوێن یا ئەو چەشنەی تردا.

٤- لەم دەقانەدا، كە نموونەی رۆشنی قۆناغی نوێگەریمانن، شوێن مەوداو دەلالەتی جۆراوجۆری هەیە، وەك مەودای مێژوویی، سیاسی، بەرەنگاری، مەودای سۆفییانە، كە بوون بە هۆكاری دەوڵەمەندكردنی پانتایی نوێبوونەوەكە.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

## ملخص البحث
## أهمية المكان في الشعر الكردي الحديث
## عدة نصوص نموذجا

هذا البحث محاولة لقرآءة أهمية المكان في الشعر الكردي الحديث، لاشك ان هناك علاقات متينة بين المكان و الشعر.

ان اهمية المكان في الادب و بالاخص الشعر يختلف عن المكان الواقعي لأن احاسيس و مشاعر الشاعر قد تمتزج في النص.

تتكون الدراسة من قسمين: ففي القسم الاول لجأنا الى التأكيد على الجزء النظري حتى نتمكن من ادراك المفهوم، و القسم الثاني عبارة عن الاجراء التطبيقي و قد انتقينا نماذج لدى الشعراء.




كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

## The importance of space in modern Kurdish poetry

## -Selected texts –

This research attempts to investigate the importance of space in the modern Kurdish poetry. Undoubtedly, there is intense relationship between the space and poetry.

The importance of space in literature, especially poetry, differs from the real location because the sensations and feelings of the poet may be intermingled in the text.

The study consists of two parts: the first emphasizes the theoretical aspect in order to grasp the concept, and the second deals with the practical side in selected poetry samples.




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سه‌رچاوه‌كان

### أ- كوردی:


١. ئه‌نوه‌ر قادر محه‌مه‌د: زایه‌ڵه‌، بڵاوكراوه‌كانی كۆمه‌ڵه‌ی فه‌رهه‌نگیی سوێد – كوردستان، ١٩٨٨.

٢. ره‌فیق سابیر: رازو گومان، سه‌رجه‌م شیعره‌كانی، چاپخانه‌ی ره‌نج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣. شێركۆ بێكه‌س: دیوانی شێركۆ بێكه‌س، به‌رگی دووه‌م، ١٩٨٥.

٤. له‌تیف هه‌ڵمه‌ت: دیوانی له‌تیف هه‌ڵمه‌ت، بڵاوكراوه‌كانی غه‌زه‌لنووس، سلێمانی، ٢٠١٤.

٥. محه‌مه‌د حه‌مه‌ باقی: گوڵه‌كانی دۆزه‌خ، چاپه‌مه‌نی محه‌مه‌دی، سه‌قز، ١٩٩٠.

٦. مقداد حمه‌ صالح، سه‌رنجێك له‌سه‌ر ئیستاتیكا، چ١، خانه‌ی چاپ‌و په‌خشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١٣.

٧. ماریا جلال عه‌بدول محه‌مه‌د، ده‌لاله‌ته‌كانی شوێن له‌ ده‌قه‌كانی (نه‌وزاد رفعت)دا، نامه‌ی ماسته‌ر، زانكۆی سه‌ڵاحه‌دین، هه‌ولێر، ٢٠١٥.


### ب- عه‌ره‌بی:


٨. جماليات المكان، مجموعة من الباحثين، ط٢، دار قرطبة، دارالبيضاء، ١٩٨٨.

٩. حبيب مونسي (د): فلسفة المكان في الشعر العربي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.

١٠. حيدر لازم مطلك، المكان في الشعر العربي قبل الإسلام، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٨٧.

١١. خالد عبدالرؤوف الجبر (د)، قراءات في شعر محمود درويش، دار الجرير، عمان، ٢٠٠٩.

١٢. شاكر النابلسي، جماليات المكان في الرواية العربية، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٤.

١٣. شجاع مسلم العاني (د)، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، رسالة دكتورا، جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٨٧.

١٤. عبدالرحمن بدوي: موسوعة الفلسفة، الجزء الأول، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٤.

١٥. غاستون باشلار: جماليات المكان، ت: غالب هلسا، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.

١٦. فتحية كحلوش، بلاغة المكان (قراءة في مكانية النص الشعري)، ط١، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، ٢٠٠٨.

١٧. لونيس بن علي: الفضاء السردي في الرواية الجزائرية، رواية الأميرة الموريسكية لمحمد ديب نموذجاً، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠١٥.

١٨. محمد على كادار، شعرية المكان في رواية البحر، المطبعة الأموية، دمشق، ١٩٩١.

١٩. معجب الزهراني: مقاربات حوارية، مؤسسة الانتشار العربي، نادى مكة الثقافي والأدبي، لبنان، المملكة العربية السعودية، ٢٠١٢.

٢٠. مهدي عبيدي، جماليات المكان في علانية ضاجنية، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١١.

٢١. ياسين النصير: اشكالية المكان في النص الأدبي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.

٢٢. ياسين النصير: الرواية والمكان: الموسوعة الصغيرة، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، الجمهورية العراقية، شباط ١٩٨٠.




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)